# پرسیار سەبارەت بەڕەچەڵەکی عەرەب دەکەن؟ باشترینیان لە جاهیلیەتدا؛ باشترینیانە لە ئیسلامدا ئەگەر لە ئاینەکەیان تێبگەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا: «ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا کێ بەڕێزترین کەسە لە نێو خەڵکیدا ؟، فەرمووی: «تەقوادارترینیان»، ووتیان: سەبارەت بە ئەمە پرسیارت لێناکەین، -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: «یوسف پێغەمبەری خودا کوڕی پێغەمبەری خودا کوڕی پێغەمبەری خودا کوڕێ پێغەمبەری خودا کوڕی خەلیلی خودا»، ووتیان: سەبارەت بە ئەمە پرسیارت لێناکەین، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پرسیار سەبارەت بەڕەچەڵەکی عەرەب دەکەن؟ باشترینیان لە جاهیلیەتدا؛ باشترینیانە لە ئیسلامدا ئەگەر لە ئاینەکەیان تێبگەن (زانستی شەرعی بەدەست بهێنن ولێی تێبگەن)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا هاتووە: بەڕێزترینی خەڵکی لە ڕوانگەی ڕەچەڵەک وبنچینەوە ئەوانەن کە لە جاهیلیەتدا -لە پێش ئیسلامدا- باشترینی خەڵکی بوون بەڵام بە مەرجێک ئەگەر تێبگەن (لە ئاینی خودا شارەزا بن وکردەوەی پێبکەن)، بۆ نمونە بەنی هاشم زانراوە کە باشترین بنەماڵەن لە نێو قوڕەیشدا لە ئیسلامدا، بەڵام بە مەرجێک ئەگەر لە دینی خوا تێبگەن، وئەحکامە شەرعیەکان فێر بن وکردەوەی پێبکەن، وئەگەر لە ئاینی ئیسلام تێنەگەن وکردەوەی پێنەکەن ئەوا ڕەچەڵەک سوودی بۆ خاوەنەکەی نابێت، وئەگەرچیش لە باشترین ڕەچەڵەکی عەرەب بن وئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ببنە ڕێزدارترین وباشترین مرۆڤ لای خوای گەورە، بۆیە مرۆڤ لەوەیە بەهۆی ڕەچەڵەکەوە ڕێزدارتر بێت بەڵام بە مەرجێک لە دینی خوا تێبگات وکردەوەی پێبکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3069